# توركیا و سەردانەكەی بارزانی بۆ كۆشكی سپی

كاوە ئەمین

بانگهێشتن كردنی كاك مەسعوود بارزانی، سەرۆكی كوردستان، بۆ ئەمریكا و بینینی جۆرج دەبلیوو بوش، كە هەندێک سەرۆكی وڵاتی سەربەخۆ، خەویی پێوە دەبینن، ڕووداوێكی گرنگی سیاسیی و دیبلۆماسی بوو، لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی كورد. ئەوەی كە زۆر گرنگ بوو، بارزانی وەک سەرۆكی هەرێمی كوردستان بانگهێشتن كرابوو، نەک وەک سەرۆكێكی عێراقی، هەروەها قسەكردنی بە كوردی و لەبەركردنی جلوبەرگی كوردی، هێندەی تر گرنگی دا، بە سەردانەكەی، چونكە زمان و ئەو جلە تایبەتیانەی كورد، دوو سیمبوڵی گرنگن بۆ جیاكردنەوەی كورد لە نەتەوەكانی تر. دیارە ئەمە یەكەم جار نییە كە سەرۆكی گەلێک بەو شێوەیە بچێتە كۆشكی سپی، هەموو، عەرەفات و زۆر سەركردەی تری عەرەبیمان لەبیرە، هەروەها حەمید كارزایی سەرۆككۆماری ئەفغانستان، كە بە جلوبەرگی خۆیانەوە دەچن بۆ ئەمریكا و شوێنانی تر.

ئەوەی كە لە هەموان زیاتر بەم سەردانەی بارزانی،نیگەران بوو، كەوتە وەڕین، حكومەت و ناوەندە سیاسییەكانی توركیا بوون، بە ئاشكرا ناڕەزایەتیان دەربڕیی بە تایبەتی بە ناوهێنانی مەسعوود بارزانی وەكو سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن بوشە. لە هەمووشی كۆمیدی تر، جێگری سەرۆكی (پارتی گەلی كۆماریی) لە پەرلەماند داوایی ئەوەی كرد كە "دەبێت ئەمریكا ئەوە ڕوونبكاتەوە كە بە چ مەبەستێک ڕێگایان داوە بارزانی بە جلوبەرگی كوردییەوە لە كۆشكی سپی ئامادە بێت". ئای لەو ئەحمەقییە. لەلایەک توركیا دەیەوێت ببێت بە ئەندامی ئەوروپا كە دیموكراتی و مافی مرۆڤ تێیدا بەرقەرارە و لەلایەكی ترەوە بە هەموو شتێكی كورد، تەنانەت وتنی "ڕۆژ باش"یک بە كوردی بە هەڕەشە بۆ سەر دابەشكردنی توركیا دەزانێت، وڵاتێک هێندە فشەڵ و بێ كولتوور بێت بە وشەیەک هەڵوەشێتەوە، دەبێت پێی بوترێت وڵات و هێندە شانازیی پێوە بكرێت. دیارە هەر ئەوە نییە كە توركیای قوشقی كردووە، بەڵكو بارزانی وەڵامی ڕۆژنامەنووسێكی توركی نەدایەوە كە لێی دەپرسێت " ئایا پكک، تیرۆریستە"، هەمانكات بارزانی داوای لە توركیا كرد كە كێشەی كورد بە شێوەیەكی ئاشتییانە چارەسەر بكات.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، نێچیروان بارزانی لە ستۆكهۆڵم لە سیمینارێكدا، باسی ئەوەی كرد كە توركەكان پێیان وتون بۆ لە كاتی ناردنی نامەی ڕەسمیدا، دەنووسن سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەویش وتی پێمان وتوون ئەی چی بنووسین، ئێ من سەرۆكی حكومەتم، هەمانكات وتی كە توركیا بە دروستكردنی جادەیەک بۆ گوندێكی كوردستان، نیگەرانە. دەبینین دوژمنایەتی كورد لەلایەن توركانەوە گەیشتۆتە سەرئێسقان، نەک تەنها ئەوە كورد بۆیان بووتە سەرەتانێک و پێدەچێت بەناخیاندا بەرێتە خوارەوە، مەگەر ئەوەی تورک دەستبەرداری كورد ببن ئەویش بە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی.

ئەم گەشتەی كاک مەسعوود چەندین شەقاو كوردی لە ئامانجە نەتەوەییەكانی نزیكتركردەوە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیدا، ماوەتەوە كە بارزانی دوای كۆتایی هێنانی گەشتەكەی، هەڵمەتێكی چاكسازی و پاكسازی لە كوردستاندا دەست پێبكات، ئەوەش دەبێت لە پارتەكەی خۆی و لە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی پارتییەوە دەست پێبكات و كۆتایی بەو گەندەڵی و ناعەدالەتییەی كە ئیمرۆ باڵی كێشاوە بەسەر كوردستاندا، بهێنرێت، دەنا درەنگ یان زوو، ڕووداوەكانی كەلار و ئاكرێ، سەرتاسەری كوردستان دەگرێتەوە، ئەمەش نە لەبەرژەوەندی پارتی و یەكێتی دایە و نە گەلی كورد، ئەو میللەتە هەتا كەی لە بێ كارەبایی و بێ ئاویی و بێ پێداویستیەكانی تری ژیان بژی؟ بەرپرسان دەوڵەمەند تر و میللەتیش هەژار تر بكرێت.

بۆ ئەوەی ئەم پرۆسە نوێیە سەر بگرێت، نابێت كورد هەموو متمانەی خۆی بخاتە ژێر دەستی ئەمریكا و بەریتانیاوە، چونكە ئەوانە تا ئێستاش سیاسەتێكی ئیمپریالیستانە پیادە دەكەن، كە هەچ كاتێک

بەرژەوەندیان نەخوازێت، ئامادەن لە چرکە ساتێکدا لە هەموو بەڵێنەکانی خۆیان پەشێمان ببنەوە، بۆیە وەک پەندەکە دەڵێت نابێت کورد هەموو هێلکەکان لە سەبەتەیەکدا دابنێت، ئەگەر فیلەکانیش کەوتنە ڕمبازێن، هێلەکەیەک بشکێت چاکترە لە هەموو سەبەتەکە.